**ئایا من ناچارم وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیس بدەمەوە؟**

ئەگەر تۆ لەلایەن پۆلیسەوە ڕابگیرێیت و پرسیارت لێ بکرێت، یان لە نارەزایەتی دەربڕینێکدا قسەت لەگەڵ بکەن، تۆ مافی ئەوەت هەیە کە وەڵامیان نەدەیتەوە، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە تۆ لە هەڵسوکەوتی "دژە کۆمەڵ" ـەە تێوەگلابیت (بووبیتە هۆی "بێزارکردن، دڵڕاتەکاندن یان پەشێوی" یان ئەگەری ئەوەت هەبووبێت). تۆ نابێت زانیاری هەڵە بە پۆلیس بڵێیت، چونکە ئەوە سەرپێچی تاوانکارانەی یاساییە. ناتوانرێت تۆ بپشکنرێیت یان دەستگیر بکرێیت بەهۆی ئەوەوە کە تۆ بەشێوەیەکی یاسایی ئەوەت ڕەت کردبێتەوە کە وەڵامی پرسیارەکانی پۆلیس بدەیتەوە.

**ئایا من مافی نارەزایەتی دەربڕینم هەیە؟**

بەڵێ. مافی تۆ بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەڕێگەی یاسای مافەکانی مرۆڤەوە پارێزراوە و لەلایەن پۆلیسەوە تەنها بۆ هەندێک مەبەستی دیاریکراوی دەستنیشان کراو دەتوانرێت بەشێوەیەکی یاسایی سنووردار بکرێن (وەک بەرگرتن لە تاوان و ئاژاوە) و بەشێوازێک کە هاوڕێژە بێت.

بۆ زانیاری و ڕێنوێنی زیاتر لەسەر ڕێکخستنی نارەزایەتی دەربڕینێک، دەسەڵاتەکانی پۆلیس بۆ سنووردارکردن یان بەرگرتن لە نارەزایەتی دەربڕین و مافەکانت ئەگەر دەستگیر بکرێیت، بچۆرە سەر libertyhumanrights.org.uk/advice-and-information و بابەتی 'protest' 'نارەزایەتی دەربڕین' هەڵبژێرە، یان کۆدی QR بەکار بهێنە.

LIBERTY

migrants organise

*ئەم زانیاریانە لە 03-03-2022 دا ڕاست و دروست بوون.*

bustcards MO_KU.indd 1 14/04/2022 15:50

**دەبێت چی بکەم ئەگەر دەستگیر بکرێم؟**

بەر لە دەستگیرکردنت پۆلیس دەبێت ئەوەت بۆ ڕوون بکەنەوە کە دەستگیر دەکرێیت و لەسەرچی دەستگیر دەکرێیت. ئەگەر دەستگیر کرایت، بڵێ **"NO COMMENT (هیچ قسەیەکم نییە)"** بۆ هەموو پرسیارەکان و هۆشداری یاسایی پەسەند مەکە هەتا ڕێنمایی یاسایی وەرنەگریت. ڕێنمایی لە پارێزەرێک وەربگرە کە شارەزایی هەبێت لە یاسای نارەزایەتی دەربڕیندا (بڕوانە خوارەوە). تۆ مافی ئەوەت هەیە کە:

- کەسێک ئاگادار بکەیتەوە کە تۆ دەستگیر کراویت
- وەرگێڕێکت هەبێت ئەگەر ئینگلیزی زمانی یەکەمی تۆ نەبێت
- کەسی گەورەی گونجاوت هەبێت ئەگەر تۆ تەمەنت لە 18 ساڵ کەمتر بێت یان کەسێکی بارناسک بێت

تۆ بەگوێرەی یاسا داوات لێناکرێت کە هاونیشتمانێتی یان باری کۆچبەری خۆتیان پێ بڵێیت کاتێک کە دەستگیر دەکرێیت، ئەگەرچی پۆلیس لەوانەیە لەوانە بکۆڵنەوە ئەگەر گومانی ئەوەیان هەبێت کە تۆ هاوڵاتی بەریتانی نەبیت. بۆ ڕێنوێنی لەسەر دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی دەستگیر کران لە نارەزایەتی دەربڕیندا، بڕوانە: jcwi.org.uk/immigration-advice-for-protestors

**ئەو پارێزەرانەی کە ڕێنمایی و چاودێری یاسایی 24 کاتژمێرەی بێ بەرامبەر پێشنیاز دەکەن:**

**COMMONS** 020 3865 5403
**BINDMANS** 020 7305 5638
**MTC** 07956 308 127
**ITN SOLICITORS** 020 3909 8100
**HODGE JONES & ALLEN** 0844 848 0222
**KELLYS** 01273 674 898 / 0800 387 463

**BPLS** @blkprotestlegal / blackprotestlegal@protonmail.com
**GBC** @GBCManchester / 07761 911 121 / manchestergbc@riseup.net